www.kurdistannet.org
7-7-2006 18:22بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## مافی ئافرەتان لەدیدگای یەکگرتووی پانئیسلامیزم:... ئامانج عەبدولا سوور

نەریتخوازان هەمیشە لەگۆشەکانی تاریکی ولیپێناوی دا دەجەنگێن سەرەنجام بەدوو دەستی بەتاڵەوە لەگۆرەپانەکە پاشەو پاش ئەگەرێنەوە، جەنگێک بەشۆکەوە بۆ پارێزگاری لەکۆنە پارێزی بۆ وەستانی رەورەوەی مێژوو بۆ داخستنی دەرگا بەرووی پێشکەوتن دا..
کەئیخوان لەمیسر سەریان هەڵدا پێیان وابوو گوی گرتن لە دەنگی ئومکەلسوم حەرامە ئنجا سەراپا خۆی پێچایەوە لەچکێیکی نازداری کرد هێشتا هەربەکافری مرد!!!تاهەنوکە ئیسلامیەکان بەوپی وشوێنەوە دەجولێنەوە گوایە نەبرەکانی دەنگی ئافرەتا وروژێنەرن ئیدی ناکری زایەلەَ بچرن!!
لەکنە خۆشمان بریانی یەکگرتوو بەپێودانگی تایف هەڵدەسورێن، دووشەولەمەوبەر لەمیواندار ناسیاوێک بوو لەسەر کەناڵا یەکگرتوو دای نابوو هەرزە قەڵەمێکی سیما سەلمێنەر بەنەزەریەی داروین هاتە گوفتار لەبارەی ژنەوە ئەو گووتی دەبی ژنان وەک ئەومارمێلکە مێینەیە بەوەفا بن کە 12ساڵ خۆراکی بۆ هاوسەرەکەی برد ئاخر شوبهاندنی ئافرەت بە مارمێلکە یاسایەکە هەرلەوان دەوەشێتەوە والەخوارەوە منیش دیدگای یەکگرتوو بۆ مافەکانی ژن دەنوسمەوە:

1-ئەقڵی ئافرەتان گرامێکی لەپیاوان کەمترە بۆیە بۆیان نیە بریار دەر وحاکم بن!!

2-شوکردن بەقورعە!

3-جبەولەچک ودەسکێش ئادابی دینیە وسونەتە.

4-کەپیاو هاتەوەماڵەوە دەبێت بەژنەکەی بڵی خوا قوەتت بدا ئەویش بەرزە پی لەبەری هەستی وگورەوی لەپی داکەنی وجوان جوان بۆی پشوات بۆباری سەحی باشە!!

5-لەبەر تاکتیک قەیدی نیە ئافرەت بێژەر بێت بەڵام بەجبەی مەغریبیەوە هەر بۆ خاتری دراوسێکان ئاخر جلی کوردی حەرامە..

6-ئافرەت بۆی نیە زمانجاڵی هەبێت ئەی پیاو زاڵ نین بەیاسای سروشت؟

7-مافی رەخنەگرتنیان نیە چونکە سۆز زاڵە بەسەریاندا..

لەگەڵ چەندین یاسای تر کەسەرجەمیان لەراژەی پیاوی دەسەڵاتدارە وێنەیاتان زۆر بێت لەبەر هیچ نا لەبەر ئێمەی پیاو!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!